# وەک نموونە، گۆرانیی ڕێگای ماڵ...

بە تێپەڕبوونی قۆناغەکان شێوازی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدەن. مرۆڤ بە گۆڕانی بارودۆخی ژیان، هەستیشی دەگۆڕدرێت و بە تێپەڕبوونی زەمان تایبەتمەندییەکانیشی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شێواز و قوتابخانە و تێڕوانینی نوێ لە بواری هونەردا، ئەویش ڕەنگبێ سەرەکیترین هۆکار ئەوە بێ کە بەردوام هەوڵدەدا نوێیەکان بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ دەزانێ کە دۆزینەوەکانی سبەینێ دەبنە باوەکانی ئەمڕۆ و ئەوانەی ئەمڕۆش کۆنەکانی دوێنێ..
داڕشتنەوە و نوێکردنەوەی هونەر و یەک لەوان گۆرانی و مۆسیقا و ئاواز، شوێنێکی تایبەتی لە نێو کولتووری هەموو گەلاندا هەیە و ئەم هەنگاونانە دەلاقەیەکی نوێ بۆ هونەرمەند و بەردەنگ دەکاتەوە. دەربازبوون لەو پێکهاتانەی کە چەندین ساڵە دووپاتەبوونەتەوە و دەبنەوە و هەروەها چوونە ناوی هونەرمەند بۆ بوارە نوێیەکانی ئاواز و مۆسیقا بە هەمان ڕادە کە جێی بایەخ و ڕێزن بە هەمان ڕادەش گرفتی جۆراوجۆری دێتە سەرری.
ئەوەی کە بە گشتی و تا بە ئێستا لە نێو کوردا هەبووە، هونەرمەند بەشی هەرە زۆری بەرهەم و چالاکییەکانی خۆی لە چوارچێوەیەکی نەگۆڕ و دووپاتەدا دیتۆتەوە بۆیە لێرە و لەوێ هەوڵ دەدرێ کە چوارچێوە و پێوەرە کۆن و دیارییکراوەکان کەم تا زۆر بگۆڕدرێت یان هەڵبوەشێتەوە. بەردەنگیش لەم نێوەدا بەشداری نێو چوارچێوە نەگۆڕەکانە و خۆی بە قەتیسماو دەبینێت و ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گۆڕینی ئاراستەکانی هونەرمەند و هونەر.
لەلایەکی دیکەوە هەتا ئێستا ئەوە دەرکەوتووە کە هەر دیاردەیەکی نوێ لە هەموو بوارەکاندا گرفتی نوێشی تووش دەبێ.  تازەکردنەوەی مۆسیقا و گۆرانی و شیعر و بەگشتی هونەر لەهەمان کاتدا کە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام جۆری تازەکردنەوە و  هەروەها جۆری کاریگەریی وەرگرتن هەڵگری هێندێک تایبەتمەندییە کە تەنیا هونەرمەندی جیدی و زاڵ بە سەر  هونەردا دەتوانێ تێیدا سەرکەوتوو بێ. یەکێک لە کۆسپە سەرەکییەکانی سەر ڕێگای گەشەسەندنی بەگشتی هونەری کوردی و بەتایبەتی هونەری گۆرانی و مۆسیقا، بەر لەهەمووشتێک رووتێکردنی لەرادەبەدەرە لە مۆسیقای پۆپ (Pop) و ڕۆک (Rock) و شیوازە نوێیەکانی دیکەیە کە بەبێ وەبەرچاوگرتنی چنینی گونجاوی مۆسیقا و شیعر و دەنگ و  ناسنامەکەی، داهێنان یان بەرهـەمێکی زیندوو و هەرمان لەو بوارەدا لەدایک نابێ. لەم چەشنە هونەرەدا ئەوندەی لە سەر چەندایەتی و سەرنجڕاکێشیی کار دەکرێت ئەوندە سەرنج بە ئاستی هونەری و چۆنییەتیەکەی نادرێ. زۆرجاران گوێمان لەو گۆرانی و مۆسیقایانە بووە کە بە ڕواڵەت بە زمانی کوردی ئاراستە دەکرێن بەڵام بەهۆی ئەوەی گەوهەر و ناسنامە و پێوەرەکانی ناسنامەی تێدا بزربووە هەست ناکرێت کە خاوەنی ڕۆحی کوردین و تەواو دەچنە نێو خانەی لاسایی کردنەوەی سەقەتی کولتوورە باندەستەکان. لەلایەکی دیکەوە سەرنجی لە ڕادەبەدەر بە مێلۆدی و گرینگی نەدان بە شیعر ئاستی بەرهەمی هونەریی دابەزاندووە.

ئەگەر بە سەرنجدان بە هاتنی شەپۆلەکانی وڵاتانی گەشەکردوو چ لە لایەن بەردەنگ و چ لە لایەن داهێنەر و هونەرمەندەوە هەوڵ دەدرێ تازەگەریی بکرێ، یەکیان لە بەرەی داهێنەر و لە ئاساییترین حاڵەتیدا بەرهەمهێنەر و ئەویتریشیان لە بەرەی چاوەڕوان و گوێگر. لەم پرسەدا و بە سەرنجدان بە پێویستییەکانی بەردەنگ، هونەرمەندی وشیار و خاوەنی جەوهەری هونەریی هەوڵ دەدا لەچاو پێشووی خۆی هەنگاوی زیاتر بنێ و ڕەنگە بیهەوێ بەردەنگەکەی بانگهێشت بکا بۆ ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی یان باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بکا یان کارێکی سیمبولیک ئەنجام بدا، یان کەشوهەوایەکی ئەویندارییی کە لە چاو ئەو بەشانەی ئاماژەی پێکرا گشتگیرترە بە فۆرمێکی نوێ و شێوازێکی نوێ نیشان بدا ئەویش بە سەرنجدان بە گەوهەری ئەو کولتوورەی سەرلەبەری خەسلەتەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکی پێک دەهێنێت...
لەو  نموونە دەگمەنانەی کە لە لای من سەرکەوتووە ئەم بەرهەمەی "هێرۆ & فریا بە ناوی ڕێگای ماڵ"ە کە دەتوانێ هەوڵدانێکی دلخۆشکەر بێ.

ئاماژە: لە ڕێگەی ئەم لینکەوە دەتوانی خۆت بە گۆرانیی "ڕێگای ماڵ"ی هێرۆ & فریاوە گرێ بدەی،
https://www.youtube.com/watch?v=l9bEW4IlsSc

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە